حـــــــكومەتی هەرێمی كوردستان
سەرۆكایەتی ئـــــەنجومەنی وەزیران
دەستەی پـــاراستن و چاككردنی ژینگە
فەرمانگەی ژینگەی هەولێر
هۆبەی پرۆژەكان و (EIA)

Kurdistan Regional Government- Iraq
Council of Ministers
Environmental Protection & Improvement Board

حـــــــكومة اقليم كـــوردستان
رئاســــة مـــجلس الـــــوزراء
دائــرة بــيــئة اربــيــل
هيئة حــماية وتــحــسين البيئــة
شـعبــة المشاريــع و (EIA)

ژمارە: لە رجوو
بەروار: ١٩ / ٤ / ٢٠٢١

No.
Date: / / 2021

بۆ / سەرۆكایەتی شارەوانی هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پێنج
ب/ ---------

نووسراوتان ژمارە(١٥/ ٤٧٤) لەرێكەوتی (٢٠٢١/٢/٨)..
كاریــــگەری دروســـت كردنی (--------------) لــە ســەر ژینگــە بۆ هاوولاتـــــی (-----------) لــە ســەر پارچــە زەوی ژمــارە (١ ک تیماری گەورە) بــە رووبــەری (٤٠٠م$^2$) لــە پۆلێنـــی (ج) دایــە كـــە دەكـــەوێــتــە شــوێنی جوگرافی ( N: 36 10 622 - E: 043 98 709) لە رووی شوێنەوە گونجاوە، بۆیە لاریمان نیە لـــەســـەر رێگە پێدان و جێ بەجێ كردنی بەو مەرجەی خاوەن پرۆژەكە پابەند بێت بەم رێنماییە ژینگەییانەی خوارەوە:-

١. بە گوێرەی نەخشەی پەسند كراوی فەرمانگەی ژینگەی هەولێر پرۆژەكە دروست بكات.
٢. بەكارنەهێنانی ئەو مەوادانەی كە كاریگەرن لەسەر لە نێوچوونی چینی ئۆزۆن وەكو ( گازی ساردكەرەوەكان،غازی شل، ئیسفنج و نەگەیەنەرەكـــان ماددەكانـــی ئاگر كوژێنەوەو پاكژ كردنەوەی خاك و ...هتد وەك لە لیستی هاوپێچ هاتووە.
٣. پابەند بوون بە دابین كردنی رێژەی سەوزایی كە لە (١٠%) كەمتر نەبێت.
٤. لە كاتی جێ بە جێ كردنی پرۆژەكە نابێت هیچ پاشماوەیەكی زبڵ و خاشاك فرێ بدرێت و ژینگەی ناوچەكە پیس بكات.
٥. دانانی تەل بەنی (شبكە) لەسەر تۆڕی مەجرای ناو پرۆژەكە بۆ جیاكردنەوەی پاشماوە رەقەكان.
٦. دروست كردنی حەوزێک بە كۆنكریت (Septic Tank) بە قەبارەی گونجاو یان دانانی یەكەی چارەسەری ئاوەڕۆ (Waste water Treatment Unit) بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و خاک و تەندروستی.
٧. دانانی مۆلیدەی (بێ دەنگ) لە شوێنكی گونجاو جگە لە رووی پیشەوەی كارگەكە و پێویستە تێكرای ئاستی ژاوەژاوی لە (85db)زیاتر نەبێت.
٨. دابین كردنی گشت هۆیەكانی خۆپاراستن و سەلامەتی و تەندروستی و ئاگر كوژێنەوە.
٩. دانانی سیستەمی تایبەت بۆ كۆكردنەوەی تۆزی دارتاشی بۆ پاراستنی ژینگەی ناوچەكە .
١٠. بەكارهێنانی شێوازی سەردەمیانــە و زانستی بۆ چارەسەركردنـــی پیس بوون ( ئاو و هەوا و خاک ) ی پرۆژەكــە و زاڵبوون بەسەریدا بۆ پاراستنـــی ژینگـــەی سروشتی و تەندروستی .
١١. پاش تەواو بوونی پرۆژەكە و جێ بەجێ كردنی مەرجە ژینگەییەكان وەلەكاتی لەئەنجامدانی هەر گۆڕانكاریەک ، خاوەن پرۆژەكە دەبێت ئاگاداری فەرمانگەكەمان بكاتەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە تەواوبوون و گۆڕانكارییەكانی پرۆژەكە بە پێچەوانەوە وەكو سەرپێچی سەیر دەكرێ و رووبەڕووی سزایی یاسایی و دارایی دەبێتەوە.

لەگەڵ ریزماندا ..

جیۆلۆجی
فلاح مولود اسماعیل
بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی
هەولێر بە وەكالەت
٢٠٢١/٤/١٩

**هاوپێچ :**
نەخشەی پەسەند كراوی پرۆژەكە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی هەولێر.

**وێنەیەک بۆ :**
- دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگەی هەرێم / هاوپێچ:
فۆرمی زانیاری ، نەخشە، بەڵێن نامە..... تكایە بفەرموون بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- هۆبەی پرۆژەكان و (EIA) / لەگەڵ بەرابیەكان .
- هۆبەی پشكنین و چاودێری .
- هۆبەی یاسایی.
- هۆبەی پلاندانان. / خووڵاو .
- خاوەن پرۆژە (--------) بۆ جێ بە جێ كردنی مەرجەكان/ ژمارەی تلەفۆن (----------).